سەماحەتی حەکیم داوا دەکات لەکۆتنە دووقۆیەکانی حکومەت بە پەگرام بکرێت و کاتێکی دیاری کراوی بۆ دیاری بکرێت



لە ڕۆژی چوارشەممە بەرواری 2023-2-8 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز ئەریك شوفالە باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کرد و لەم ددیارەدا باسی سەردانە سەرکەوتووەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە فەرەنسا و کاریگەریە ئەرێنیەکانی کرا و سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە عێراق بایەخ بەوە دەدات کە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکانی پتەو و هاوسەنگ بێت و ئاماژەشی کرد کە عێراق زۆر بەلایەوە گرنگە کە باشترین کەمپانیا جیهانییە گران و سەنگینەکان بێن لە عێراق پەڕژەی گەورە لە هەردوو بواری ووزە و گواستنەوە ئەنجام بدەن و لەکەیسی نەهێشتنی گەندەڵیش هاوکاری حکومەتی عێراقی بکەن.

لەکۆتایی دیدارەکەدا بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو ڕێکەوتنە دوو قۆیانە بکرێنە بەرنامەی کاری حکومەت و کاتێکی دیاری کراویش بۆ جێبەجێکردنی دیاری بکرێت و گوتیشی پێویستە سوود لەو هەلانە وەربگیرێت کە عێراق لە بوارەکانی ئاودانکرنەوە و نیشتەجێ کردن و گەشەپێدان پێشکەشی دەکات.